وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 2155
ڕێکەوت : 18 / 6 / 2025

---

# بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.10 - 2025) تەندەری پرۆژەی**

**(دروستکردنی کارتی زیرەک و دابەشکردنی نەوتی سپی بۆ هاولاتیانی سنووری ئیدارەی گەرمیان)**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەر و کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە تەندەر ی پرۆژەی ناوبراوی سەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن (ئیدارەی گەرمیان) ، هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (5) پێنج ساڵ.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( یەک شەممە 22 / 6 /2025)ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (یەک شەممە 6 / 7 / 2025) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 200,000) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (سێ شەممە 8 / 7 / 2025) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

• مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت , یان پسپۆرن و مۆڵەتی فەرمی حکومەتی هەرێمی هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2025) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

جــلال نــوری عــبدالقادر
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان